**" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی ولاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەلانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس"** rahmayub@yahoo.de

# پشتی ڕوداوەکانی بوحرانی نەوت

**لە کتێبی: "بە سیلاحی نەوتەوە بەرەو قودرەتی جیهانی" وەرگیراوە و لە نوسینی ویلیام ئێنگدال**

**وەرگێڕانی لە ئالمانیەوە: ئەیوب ڕەحمانی**

... مولاقاتە سرڕیەکەی گروپی بیلدێربێرگ (Bilderberg Gruppe) لە ساڵی 1973ی زایینی بەو مەبەستە نەگیردرابو کە مانعی گرانتر بونی نرخی زەخیرەی وزەی جیهانی ببێت. بە عەکسەوە، شۆکێکی گەورەی گرانتربونی نرخی نەوتی ئامادە کردبو و کاری لە سەر ئەو بەرنامانە دەکرد کە چۆن پرۆگرامی نەوت/دۆلار بە باشترین شێوە بەرەو پێش ببردرێت. هێنری کیسینجێر وەزیری خاریجی ئەو کاتی ئەیالاتی موتەحیدەی ئەمەریکا ئەم شتەی بە دوبارە تەولید یا ڕێسایکلینگی پێترۆل/دۆلار ناوزەد کردبو.

قەدەغە کردن و نەگەیشتنی نەوت بە باقی ولاتانی جیهان دەبو نەوت لە دنیا دا بە شێوەیکی جیدی توشی کەمی و بوحران بکات. ئەم کارە دەتوانێت نرخی نەوت بە شێوەیکی چاوەروان نەکراو لە هەمو جیهان بباتە سەرەوە. لە بەر ئەوە کە شیرکەتە نەوتیەکانی ئەمەریکا تەجارەتی دنیایان لە ساڵی 1945ەوە بە قایمی لە ژێر کۆنترۆڵی خویاندا ڕاگرتبو، ئەوەی کە بازرگانی جیهانی نەوت دەبی بەس بە دۆلار بکرێت، ئیتر ببو بە شتێکی عادی ڕۆژانە. بە چونە سەرەوی نرخی نەوت بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ هەم داواکاری دۆلاری زیاتر و هەم نرخی دۆلاریش دەچوە سەرەوە. هەر بەم شێوەیەش چونە سەرەوەی داواکاری یا تەقازای دۆلار زەختی لە سەر دۆلار لا دەبرد و ئەرزیشی دۆلاری مەحفوز ڕادەگرت. هەروەها ئەم داواکاریانە چاپ و دروست کردنی هەر چی زیاتری دۆلاریشی بردە سەرەوە.

هەر ئەو کاتانە هەمو فەقر و فەلاکەتی جیهانیشیان دەخستە ئەستۆی ولاتانی ساحەب نەوت و رق و قینی خەلکی جیهان دەبو بەس بەسەر ولاتانی فرۆشەری نەوت بباری، چونکو گۆیا بەس ئەوانن کە نەداری و فەقیریان لە جیهان پەرە پێداوە. موسەبەبە ئەسلیەکانی کارەساتەکانی جیهان لە پشت پەردەوە مەحفوز مانەوە و هەمیشەش خۆیان بە خەلک وەک کەسانێک کە ئەوانیش زولمیان لێ چووە بە خەلک دەناساند.

شیرکەتە گەورە ئەمەریکایەکان یا پرۆ ئەمەریکایە نەوتیەکانی وەکو BP و Shell و چەند دانەی تر سەدان میلیون دۆلاریان بۆ دروستکردن و پەرە پێدانی چالە نەوتیەکانی دەریای باکور سەرمایەگوزاری کرد، کە ئەمە بە بێ ئەو شۆکە نەوتیەی کە هێنری کیسینجێر کاتی خۆی دروستی کردبو، هیچکاتێک نەی دەتوانی خۆی بگری و قازانجیان بۆ بکات. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم دو ڕوداوە بەس بە تەسادوف یاخۆ بە بێ بەرنامە دارشتن ڕویان دا؟



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

وزیری دارایی ئەمەریکا ئاغای بێنێت لە گەڵ ئاژانسی ساما sama، هەر ئەو ئاژانسەی کە دەرئامەدی نەوتی عەرەبستانی سعودی حیسابڕەسی دەکات، قەراردادێکی سڕڕیان ئیمزا کرد. ناوەرۆکی ئەو قەرارداده لە یادداشتنامەکەی[1] بێنێت بۆ کسینجێر لە فێڤرییەی 1975دا ئاشکرا دەبێت. هەروەها دواتریش ئاشکرا بو کە لەو قەراردادەدا سعودیەکان تەعەهودیان داوه کە ئەو قازانجە زۆرەی کە لە بابەت گرانتربونی نەوت نەسیبیان دەبێت، دەبێ بۆ ئەمەریکیەکان وەگەڕێ و بچێتە گیرفانی ئەوانەوە لە بەر ئەوەی کە ئەوان توشی کەسری بودجە بون. لە بەر ئەوەی کە ئەمانە جێبەجێ بکرێن، بانکدارێکی لاو بە ناوی دێڤید مولفۆرد لە شیرکەتی white, Weld & Co. سەرمایەگوزاری بانکێکی کە شوعبەکەی لە لەندەنە و لە جادەی واڵ Wallstreet بو و هەروەها پۆستی موشاویرەتی سەرمایەگوزاری ئاژانسی سامای لە ریازی پێتەختی عەرەبستانە پێ سپێردرا. مولفۆرد دەبو ئاگادار بێت کە دۆلارە نەوتیەکان بە شێوەیکی ڕێک و پێک و مونەزەم، دەڕژێنە ناو حیسابی بانکی ناو براو لە لەندەن.

لە بڕواری 1ی ژانویەی 1974 ئەندامانی ئۆپێک لە تاران کۆبونەوە. ئۆپێک لەو کۆبونەوەدا بڕیاری دا کە نرخی نەوت تا 11.65 دۆلار بۆ هەر بۆشکەیێک بەرێتە سەر[2]. شتێکی سەیر لەم کۆبونەوەدا ئەوە بو کە شای ئێران لە قسە و باسەکەی خۆیدا کە بۆ کردنەوە و دەست بە کار کردنی جەلەسە پێشکەشی کرد، ئەم داواکاریەی هێنایە پێش، هەر ئەو شایەی کە چەند مانگێک پێشتر بە دژی چونە سەرەوەی نرخی نەوت بۆ 3.01 دۆلار بۆ هەر بۆشکە دژایەتییێکی زۆر توندی کردبو. ئەو پێشتر نیگەرانی ئەوە بو کە بە چونە سەرەوەی نرخی نەوت، وڵاتە سەنعەتیەکانی ئوروپای ڕۆژئاوا مەجبور بکات بەوەی کە ئەوانیش نرخی کالا سادیراتیەکانیان بەرز کەنەوە. بەڵام ئەم کالایانە بۆ بەرەو پێش چون و سەنعەتی کردنەوەی ئێران و هەمو ئەو وڵاتانەی کە لە پێش سەنعەتی کراندا بون لازم و زەروری بون.... هاوکات پشتیوانیە یەک لایەنە فیتنەکارانەکەی ئەمەریکا و موتەحیدەکانی لە ئیسڕائیڵ، ڕقی سوتێنەری وڵاتە عەرەبیەکانی ئەندامی ئۆپێکی زیاتر دەگڕاند. لەم حالەتەدا شای ئێرانیش نەی دەتوانی بێ لایەن بێت.

ئەو میقدارە زۆرە داهاتەی ئۆپێک لە گرانکردنی نەوت و چونە سەرەوەی نرخی دۆلاریش کە بەرنامەی کسینجێر بو و recycled Petrodollars ناونرابو، هەموی دەچوە حیسابی بانکە گەورەکانی لەندەن و نیۆیۆرکەوە کە بە دۆلاری ئوروپیەکان مەعامیلەیان دەکرد و هەر بەو پوڵەش بازرگانی نەوتیان هەڵدەسوراند.

هاوکات وڵاتە لە حالی پێشکەوتنەکان (وڵاتانی پێش سەنعەتی) دەبو وامی زۆر گران وەربگرن بۆ ئەوەی کە بتوانن قەرزە نەوتیەکان و قەرزی کالا گرانە ئوروپیەکانی پێ بدەنەوە و لە ماوەیێکی زۆر کورتیشدا ئەو وامانەش بە سود و قازانجی زۆرەوە پێشکەش بە بانکە گەورەکان بکەنەوە. تەنها بانکهایێک کە ئەو وڵاتانە دەیانتوانی وامیان لێ وەربگرن، بانکە پڕۆ ئەمەریکایە گەورەکان بون کە بە Eurodollar-Banken ناوزەد دەکران. بەم شێوە ئەوان هەدەفە گەورەکانیان کە غارەتی وڵاتانی تر بو دەپێکا و لەم ڕێگایەوە پوڵی خەڵکانی جیهانیان هەڵدەمژی و هەژارییان لەو وڵاتانە و بە تایبەت لە وڵاتە هەرە فەقیرەکان کە نەوتیان تێدا نەیە سەقامگیر دەکرد.

بەم شێوە ستراتژی Petrodollar-Recycling کە Bilderberg Gruppe لەساڵی 1973 دایانڕشتبو دەقیقەن دادەڕێژرا و بەڕیوە دەچو. ئەو بانکە گەورە ئەمەریکایی و ئوروپاییانە کە بەشداری ئەم پڵانانە بون، هاتن و وامییان دا بە وڵاتە پێش سەنعەتیەکان لە بەر ئەوەی کە موشکیلی حیساب و

[1] ئەو یادداشتنامە لە بڕواری 06.01.1991 لە International Currency Review ژمارە 20 ، لاپەرەی 45دا لە لەندەن چاپ کراوە.
[2] تا ئەو کاتە نرخی هەر بۆشکە نەوت کەمتر لە 3 دۆلار بو.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

کیتابیانی پێ ڕەفع کەن، بەڵام وامی ئەمجارە ئەو فەرقەی لە گەڵ جاران بو کە بانکە گەورە وامدەرەکان، وامەکانیان ڕاستەوخۆ بەو وڵاتانە نەدەدا، بەلکو دەیانرشتە کۆنتۆی شیرکەتە گەورە بازرگانەکانی نەوت کە وڵاتان پێیان قەرزدار بون و بە حیسابی وڵاتەکانیان دەنوسی.

یەکێک لە وەزیفەکانی دێڤید مولفۆرد وەک ڕەئیسی ئاژانسی ساما ئەوە بو کە چاوەدێری ئەوە بکاتن کە سعودیەکان مەسرەفێکی بەر چاوی پوڵەکەیان کە ئێستا ئیتر بە شێوەیێکی چاوەڕوان نەکراو زۆر ببو، بکەن. ئەوان کارەکانیان بەم شێوە زۆر ئاسان ببووە کە ئەو کات تەنها بانکی خاریجی کە لە هەمو عەرەبستانی سعودی ئیزنی کار کردنی بو، New Yorker Citibank بو. سیتی بانک، بانکی تایبەتی شیرکەتی گەورەی نەوتی ئەمەریکایی Esso و Aramco یە. ڕاچلەکێنەر نیە کاتێک دەبیستین کە ساڵی 1974 حەفتاد دەرسەدی داهاتی نەوتی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک بە ئەرزیشی وەرەقەی[3] خاریجیەوە گرێدراون. لە 57 میلیارد دۆلار داهاتی ئۆپێکی ئەو کات، 60 دەرسەدی چووە حیسابی ئەنیستیتۆماڵیە[4] ئەمەریکایی و ئینگلیسیەکانەوە[5].

لە بڕواری 8ی ژوئێنی 1974 هێنری کسینجێر وەزیری خاریجی ئەو کاتی ئەمەریکا قەراردادێکی لە مەڕ دروست کردنی کۆمیسیۆنێکی ئەمەریکایی- سعودی بۆ کاری موشتەرەکی ئابوری[6] لە گەڵ سعودیەکان ئیمزا کرد، کە کاتی خۆی لە بارەی ناوەرۆکی ئەم قەرارداده ئیقتیسادیە شتێکی وا بە ڕای گشتی نەکوترا. ئەم قەرارداده هاوکارییێکی زۆر نزیک و تەنگاتەنگی ئابوری لە بەینی سعودیەکان و ئەمەریکایەکان تەنزیم دەکرد بە تایبەت لە بەشی مالی واتە فینانسدا.

ئەو دو وڵاتە لە بارەی ناوەرۆکی ئەم کارە ئیشتیراکیە مالیەی بەینی خۆیان بە شێوەیێکی مەرموز بێدەنگەیان دەکرد و کەسیان لە ناوەرۆکەکەی ئاگا نەدەکردەوە.

شتێکی سەیر و سەمەر دوابە دوای ئەم قەرارداده ڕوی دا ئەویش ئەوە بو کە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک، لە گەڵ ئەوەشدا کە دوژمنایەتیان لە گەڵ ئەمەریکا هەبو و ئەمەریکایەکانیان ناخۆشدەویست، لە سەر یەک شت قورس و قایم یەکدەنگ بون کە لە داهاتودا بەس دۆلاری ئەمەریکی بۆ کڕین و فرۆشتنی نەوت و تەجارەت قەبول دەکەن! ئەوان لە کتوپڕ هیچ پوڵ و ئەرزشێکی دیکەیان بێجگە لە دۆلار نەدەویست و زۆر قورس و قایم پێی پابەند بون!

ئەو نمایشە عەجیبە کاتێک عەیانتر دیارە کە ئینسان بیر دەکاتەوە کە ساڵی 1975 کۆبونەوەی ئۆپێک ڕێک بۆ ئەو مەبەستە بوە کە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک بەو قەناعەتە بگەینرێن کە لەوە بە دواوە بەس بۆیان هەیە دۆلار بۆ بازرگانی بکار بێنن. تەنانەت بۆیان نەبو پۆندی ئینگلیسیش قەبول بکەن. لەوەش سەیرتر ئەوە بو کە ئەم قاعیدە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دۆلار دایمەن لە خوار و ژوردا بو و ئۆپێکی توشی زەرەر و زیانێکی زۆر کردبو، بەم حالەشەوە هەر لە لایەن وڵاتانی ئەندامی ئۆپێکەوە بەڕێوە دەبردرا و هەمویان لە سەر پەیرەوی کردنی سور بون. تەبیعی بو کە ئەو قەرارداده چونەسەرەوەی نرخی زیادە لە حەدی دۆلاریشی کۆنترۆل دەکرد و نەی دەهێشت کە نرخی دۆلار لە کۆنترۆل خاریج بێت. هەمو جیهان ناچار کرا بو کە بە میقدارێکی زۆر دۆلاری ئەمەریکی بکڕن، لە بەر ئەوەی کە بتوانن ئێنێرژی یا خۆ نەوت لە ئۆپێک بکڕن. یەکێک لە قەواعیدە داندراوەکانی ئۆپێک بۆ فرۆشتنی نەوت ئەوە بو کە بەس لە ڕێگای چەند بانکێکی مەحدودەوە دەتوانرا مەعامیلە بکرێت.

[3] Wertpapier
[4] Finanzinstitutionen
[5] مەنبەع: ڕاپۆرتی ساڵانەی 1976ی بانکی نێونەتەوەیی مساوی کردنەوەی حیسابات لە بازلی سویس.
[6] Joint Commission on Economic Cooperation



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بەم شێوانە ئەمەریکایەکان توانیبویان کە دۆلار بە جێگای زێڕ بە پشتیوانی لە تەقازای یا داواکاری نەوتەوە ببەستنەوە. ئەگەر واشنگتۆن و یا لەندەن ئەو شۆکەنەوتیەیان بەڕاستی- بەو شێوەی کە بۆخویان هەمیشە دەیلێن- بە تەهدیدێکی مەرگ هێنەر تەجروبە کردبایە، ئەوان بە ئەندازەی کافی وەسیلەی فشاریان بە دەستەوە بو کە نرخێکی عادیلانە و موناسب بۆ نەوت دابنێن. بەلام ئەمەریکایەکان پێویستیان بە نرخی زۆری نەوت بو بۆ ئەوەی کە ئابوری روخاویانی پێ باشتر کەن و وەک فەرمانرەوا بە سەر جیهاندا حاکم بن، هەر بۆیەش شێخەکانیان مەجبور دەکرد کە شمشێر بکێشن و ئەو شتانەی ئەوان دەیان ویست بە جیهان دیکتە بکەن.

هەر ئەو کەسانە کە نرخی نەوتیان تا 400 دەرسەد بردە سەر، پێشنیاریان بە قوربانیەکانیان کە ولاتە فەقیرەکان بون دەدا کە دۆلاری نەوتیان وەک یارمەتی لێ وەرگرن، کە ئەوان دواتر سودێکی زۆریان لە گەڵ پوڵەکەش داوا دەکردەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەمو مەبەستێکی تێدایە[7]......!

[7] مەنبەع: ویلیام ئێنگداڵ: بە سیڵاحی نەوتەوە بەرەو قودرەتی جیهانی. رێگای گەیشتن بە نەزمی نوێی جیهانی. ویزبادن 1992



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com